www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:48 17-10-2006

# مارە بەجاش یان بەسۆزانی کردنی ژن، هەوڵێک بۆ زیندوکردنەوەی دیاردەیەکی قێزەون ... هەستیار غەمگین



هەرچەندە دیاردەی مارە بەجاش لەرووی دینەوە بەتوندی ڕەتکراوەتەوە لەروە ڕووکەشیەکەیەوە بەڵام لەنێو هەندێ مەلای نەزان و شەرع فرۆشەوە پەیرەوی لێدەکرێ، لەبەر ئەوەی لەکۆمەڵگا بۆگەنەکەی خۆماندا دیاردەی پیاوسالاری بەزەقی بەدی دەکرێ، ئەوە وایکردوە کەپیاو جوامێری و پیاوەتی خۆی دەربخات و بەسەر ژندا خۆی بکاتە کوێخا، بۆیە بەکارهێنانی وشەی تەڵاقیش یەکێکە لەدیاردە زەقەکانی پەتریاکی بەشانازییەوە لەبەرانبەر هەندێ مەسەلەی لاوەکیدا بەکاری دەهێنی و سوێندی پێدەخوات کەلەسەر شەرەفی فلانەکار دەکات و کاتێکیش بۆ بەئەنجام ناگەیەنرێ تەڵاقی دەکەوێ، لەویاشدا ئەوەی کە لێی زەرەر مەند دەبێت تەنها ڕەگەزی ژنە.

لەبەر ئەوەی کەپیاوەکە سێبەسێ تەڵاقەکەی دەڕمێنی و ژنەکەی دەکاتە قوربانی، بۆ چاککردنەوەی ئەوکارە نەشیاوەی کەئەنجامی داوە هانا بۆکەسێکی دینی دەبات وەکو مەلاو لەم جۆرە شتانە ئەویش لەبەر ئەوەی پارەیەکی دەست بکەوێت لەڕێگای مارەبەجاشەوە تەڵاقەکەوتووەکەی بۆچاك دەکاتەوە، بەڵام ئەمە تەنها کۆمەڵێك مەلای نەزان و دین لەخەڵك تێکدەر پێی هەڵدەستن ئەگەرنا زۆرینەی مامۆستاو زاناکانی دین ئەم کارە بەتوندی ڕەت دەکەنەوەو ئەنجامدەرانیشی بەلادەرو تێنەگەیشتوو لەدین ناوزەد دەکەن.

بۆچی مارەبەجاش ڕوودەدات؟ ئەمە پرسیارێکەو لای هەریەکەمان وەڵامێکی هەیە، ئەو دیاردەیە لەدەرئەنجامی خواردنی تەڵاق لەلایەن پیاوەوە و کەوتنی لەسەری بەتایبەتی یەکێك کەبڵێ سێبەسێ تەڵاقم کەوتبێت ئەمە بەڕەئی زۆرینەی زایانی دین تەنها یەك تەڵاقی دەکەوێت، بەپێی سێ ئیمامی سەرەکی سوننەش هەریەك تەڵاقی دەکەوێت. بەڵام بەپێی مەزهەبی شافیعی هەرسێ تەڵاقەکەی دەکەوێت و فری بەسەر ژنەکەیەوە نامێنێ، جالەبەر ئەوەش کە گەلی کورد لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی یە لەبەرانبەر وەها کارێکدا دەستە وەستان دەوەستن و نازانن بەچی ڕەوت و سیاقێك لەگەڵ ژنەکەیدا پێك بێتەوە، بۆیە هەم دیسان هانا بۆ شافیعی دەباتەوە کەدەڵێت هەرپیاوێك کەژنەکەی تەڵاق داو وازی لێهێنا دوای ئەوەی ژنەکەی شوی بەپیاوێکی ترکردو ئەویش تەڵاقی دایەوە ئەوا لەم کاتەدا ژنەکە دەتوانێت لەگەڵ مێردی یەکەمیدا بەیەك بگەنەوەو پەیوەندی هاوسەرایەتی دروستبکەنەوە، کەواتە ئەسڵی مەسەلەکە بەم جۆرەیە نەك بەو شێوەی ئەمڕۆ ژنەکە ئەدەنە دەست پیاوێکی پیر یان شێت تاکو بەئارەزووی خۆی هەرچی ئاوی پشتی هەیە تێیدا خاڵی بکاتەوەو کەپتی خۆی پێ چارەبکات، لەبری ئەوەی بڵێت قەیناکە لەبەر خاتری پیاوەکەیەتی، باشە ئەو پیاوەی لەچێوار چێوەی مارەبەجاشدا نەبێت ڕازی دەبێت ژنەکەی لەگەڵ جوانترین پیاودا بۆماوەی چوار شەو بخەوێت؟! من دڵنیام بۆشەوێکیش ڕێگەنادات بگرە بۆسانیەیەکیش، بەڵام لەو بازنەیەدا بەدەستی خۆی هاوسەری ژیانی و هاوسەری خەم و ئەسرارەکانی ئەداتە دەست پیاوێکی پیرو پێی دەڵێ: برۆ بەئارەزووی خۆت بی... !! کەواتە من حەزدەکەم ئەو کەسانەی توشی ئەم حاڵەتە بوون بابەخۆیاندا بچنەوە چۆن ڕازی نابن لەدەرەوەی ئەو مارەبەجاشە کەسێك بەهیچ چەشنێکیش تەماشای ژنەکەی بکات بالەو کاتەشدا هەمان بیرکردنەوەی هەبێت، چی دی بەپیاوەتی و شەهامەتی خۆی نەزازێت و کەمێکیش ڕێز لەو کاهینەبگرێت ناوی ژنە

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:48 17-10-2006

Hastiar2006@yahoo. com